www.kurdistannet.org
24-2-2007 18:07 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## راگەیاندنی کۆتایی کۆنفرانسی دووەمی کۆمەڵێک لە کادیرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ... کۆمەڵەی ڕابوونی کوردایەتی (کۆڕاک)

ئەگەرچی ئێمە هەمووی چەند هەفتەیەکە خۆمان وەک رەوتێکی رێکخراوو بێ ناو راگەیاندووە، بەڵام دەمێکە خەریکی دیدارو گفتوگۆو ئاڵوگۆڕی بیروراین لەسەر ئەوەی چی بکەین بۆ چاککردن‌و نوێکردنەوەو گێڕانەوەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بۆ سەر پرنسیپە نەتەوایەتی‌و سیاسی‌و رێکخراوەیی‌و ئەخلاقییەکانی کە لەسەری دامەزراوە. بەمەش جوڵانەوەی رزگاریخوازی خەڵکی کوردستان لە شکست‌و دەستکەوتەکانی ئێستای کوردستانی عێراق لە فەوتان رزگار دەکرێن.
یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بە بڕوای پتەو بە خەڵک‌و بە پشتبەستن بەهێزی لەبن نەهاتووی گەل، وەک پێویستییەکی کوردایەتی هاتە کایەوە. هێنانەدی خواست‌و ئامانجە نەتەوایەتییەکانی کردە بەرنامەی خۆی‌و لەو پێناوەشدا خەباتێکی یەکجار سەختی کردو دەیان هەزار شەهیدی لە پێناودا بەخت کرد. بەڵام دوای ئەو هەموو ساڵانەی ئازادی‌و نیمچە سەربەخۆیی کوردستانی عێراق، هێشتا زۆر لەو ئەرک‌و ئامانجانە نەهاتونەدی‌و کاری جیدیشیان بۆ نەکراوە. هیچ نەخشەو پلانێکی روونیش بۆ ئێستاو ئایندەی کاری نەتەوایەتی‌و سیاسی لە ئارادا نیە. بەرپرسیارێتی سەرەکیش دەکەوێتە ئەستۆی سەرکردایەتی یەکێتییەوە.
زۆربەی سەرکردایەتی یەکێتی سەرکردایەتییەکی لاوازو بێ دەسەڵاتن. سەکردایەتی دەسەڵاتداری ناو یەکێتیی ئەم رێکخراوە وەک کۆمپانیایەکی بازرگانی گەورە تەماشا دەکەن‌و هێزو توانای خۆیان تەنها لە خۆ دەوڵەمەندکردن‌و هەڵچنینی دیواری کۆشکە فیرعەونیەکاندا دەبینن‌و ئاگایان لە خەم‌و ئازارو پێداویستییەکانی خەڵک نەماوەو تا سەر ئێسقانیان لە گەندەڵی سیاسی‌و دارایی‌و ئیداری‌و ئەخلاقیدا نقوم بوون. ئەم دەردە کوشندەیەشیان دابەزاندۆتە ریزەکانی خوارەوەی حیزب‌و حکومەت.
ئێمە دەمانەوێ یەکێتی نوێ بکرێتەوەو ریفۆرمی بنچینەیی تێدا بکرێ، کە هەموو دامودەزگاکان بگرێتەوە.
ئێمە دەمانەوێ یەکێتی سیاسەت‌و ستراتیجی روون‌و ئاشکرای هەبێ بۆ چارەسەری هەموو کێشە نەتەوایەتی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و ئیدارییەکان‌و کاری جیدی بۆ جێبەجێکردنیان بکات.
ئێمە دەمانەوێ یەکێتی لە بواری خەبات‌و بەرێوەبردنی کاروباری خەڵکدا داهێنەر بێ‌و بەرژەوەندی بەرزی نەتەوەیی لە هەموو کارو بەرنامەیەکیدا رەنگ بداتەوە.

ئێمە دەمانەوێ کەسایەتی تاکی کورد بەهادار راگیرێ‌و هەستی نیشتمانی‌و نەتەوایەتی لا بەهێز بکرێ.
ئێمە دەمانەوێ پرنسیپی سەرکردایەتی بەکۆمەڵ لەناو یەکێتیدا زیندوو ببێتەوەو، یەکێتی نەبێتە حیزبی بنەماڵەو، نەبێتە کۆمپانیایەکی گەورەی بازرگانی بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە تاکە کەسییەکان.
بۆیە داوا لە هەمو کەسە دڵسۆزەکانی ناو یەکێتی‌و دەرەوەی یەکێتیش دەکەین کە هەوڵ‌و توانایان یەکخەن بۆ سەرخستنی پرۆژەی ئەو گۆڕانکارییانە لە پێناوی هێنانەدی ئامانج‌و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان.
هەر بەم بۆنەیەشەوە دەمانەوێ ئەوە راگەیەنین کە لە دووەمین کۆنفرانسماندا، کە بە بەشداری ژمارەیەکی زۆرتری کادیرانی ناوەوەو دەرەوە بەسترا، دوای گفتوگۆیەکی زۆرو هەڵسەنگاندنی هەلومەرجەکانی ئەمرۆی کوردستان، بڕیار درا لە مەودوا لە ژێر ناوی (کۆمەڵەی ڕابوونی کوردایەتی - کۆڕاک) لە ناو ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستاندا درێژە بە خەباتی نەپساوەی خۆمان بدەین تا بەدیهێنانی تێکڕای ئامانجەکانمان.

ئێتر بۆ پێشەوە لە پێناوی ریفۆرم‌و بەدیهێنانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی‌و بنیاتنانی کۆمەڵی مەدەنیی‌و سەروەری یاسادا

کۆمەڵەی ڕابوونی کوردایەتی (کۆڕاک)
**23/2/207**

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.